www.kurdistannet.org
13-4-2007 0:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ژووان لەگەڵ چەتە ... ڕەحمان غریب

ئەگەر جیاوازی گەورە لەنێوان ئاژەڵ و ئینسانەکان ئەوەبێت کە ئاژەڵان بەبێ یادەوەری و هۆشیاری شەڕدەکەن و نێچیرەکانیان ئەکوژن، ئەوا چەتەکانی ئەو شەوە تاریکەی هەولێر، بەوپەڕیی زاکیرەو هۆشیاریی تەواوەوە چوونە شەرگەکان و بەدڕندەترین شێوە کەوتنە گیان بەرامبەرەکەی.



وەلی ئاژەڵ برسێتی پاڵی پێوە ئەنێ تا نێچیرەکەی هەلا هەلا ئەکات، ئەی چەتەکانی ئەو شەوە لە پێناوی چی و لە بەرژەوەندی کێ نەبەزیان خەڵتانی خوێن کرد!.

ئایا ئەوان ئامانجیان بوو لەڕێی نەبەزەوە، نامەیەك ئاراستەی ئەو خەڵکە نارازی و ڕۆژنامەنوسە ڕەخنەگرانە بکەن، کەدەیانەوێت بەم بەشە ڕازینەبن؟

ئەگەر ئەوە مەبەستیان بوبێت، بێگومانم کە ئەو ئاژەڵە ئادەمیانە فەشەلیان هێنا.

بیری ڕەخنەگرانەی نەبەز "لەگەڵ بوونی تێروانی جیاوازی نێوانمان" بەشێکە لە پرۆسەی ڕەخنەگرانەی نەوەیەك کە دەیەوێ سەرشۆڕنەکات، چاو دانەخات، لە هەموو ئەو ناعەدالەتییەی کە وەك مۆتەکە دەستی لە بیناقاقای ئەزمونەکەمان ناوە.

پلان دارێژەرانی ئەو ڕووداوە چەپەڵەی هەفتەی پێشوو "کەئازاردانی نەبەز گۆرانی ڕۆژنامەنوس بوو لەسەر نوسینەکانی" چەند دەبەنگ بوون وایانزانی پرۆسەی ڕەخنەگرانەی ئەم نەوەیە کۆمەڵێ "چەکداری نەخوێندەواری"حیزبێك، لە گۆڕی دەنێن؟

نازانن ئەوەی دەبوو 17 ساڵە لە گۆڕبنرایە لۆژیکی چەتەیی و توندوتیژیە، نەوەك ڕەخنەو بوێری دەربڕین.

ئەوەی دەبوو ئێستا لە گۆڕستانی زاکیرەی جەمعیی هەموان بنێژرایە بە چەتەکانی ئەو شەوە تاریکەی ژیانی سیاسیمانەوە، زەبرو زەنگی لە هاوتاکانی" مولازم موحسین و چەلوب و ئەسود"ە. نەك لاسایکردنەوەی جەلاد، ئەوانەی ڕۆژو شەویان پێکەوە گری دەدا بۆ ئەتك کردنی گەنج و بیری ئەم نیشتیمانە.

ئەوەی سێشەممەی پێوودا لەهەولێر ڕویدا، تەنها نوقمکردنی جەستەی نەبەز نەبوو لەئازارو خوێندا، بەڵکو ئەوەی ڕوخساری فیدڕاڵی "ئەزموونەکەمان" بوو خوێناوی کرا، ئەو فیدڕاڵیەتەی کە لەوێوە هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەنرێ لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.